کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

## بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان

**www.kurdistanreferandum.com**

**بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان بەخۆشییەوە مژدەی کردنەوەی ماڵپەری سەربەخۆی خۆی ڕادەگەیەنێت بەم ناونیشانە :**

www.kurdistanreferandum.com

**ئەم ماڵپەرە زمان حاڵی ڕاگەیاندنی بزووتنەوە دەبێت لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان ، لە ڕێگایەوە بەیاننامەو ئاگاداری و هەواڵ و هەنگاوەکانی ڕیفراندۆم ڕادەگەیەنێت ، هەروەها ماڵپەرەکە لە پاڵ ماڵپەرە بەئەمەکەکانی تردا سەرچاوەیەکی میدیای نوێی کوردی دەبێت و کراوە دەبێت بۆ هەموو نووسەران و ڕۆشەنبیران بۆ بڵاوکردنەوەی بابەت و ووتارەکانیان بەئاسۆی خزمەتی گەلەکەمان و هەماهەنگی لە گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی و دانانی بەردێکی بناغە لە بناسازی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردی  بە ئاسۆی تۆکمە کردنی دیواری ماڵی کوردی لە پێناوی گەشەپێدانی دەستکەوتە هەنووکەییەکان و هاتنەدی ئامانجی خەباتی چەندساڵەی گەلەکەمان لە مافی سەربەخۆیی .**
**هاوکاریتان بۆ گەشەپێدانی ماڵپەرەکە نیشانەی هەستی بەرزی نەتەوایەتیمانە و دەربری ڕادەی ووشیاریمانە  بۆ کاری یەکگرتووی مەدەنی لەپێناوی دەستکەوتی بەرزتر بۆ گەلەکەمان .**
**ئەم ماڵپەرە مالی کوردە و دەنگی 2 ملیۆن ئیمزای خەڵکی کوردستانە کە لە 2005 – 1 – 31 دەنگیان بۆ سەربەخۆییدا ، دەنگی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستانە کە بەهەنگاوی هاوچەرخی مەدەنی تێدەکۆشێت بۆ بەدیهێنانی بڕیاری مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردستان .**

**دەست لەناو دەست بەرەو پێشەوە بۆهاتنەدی ئامانجەکانمان لە سەربەخۆیی و سەرفرازی .**

**بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان**
**31 – 3 – 2007**